# چۆنێتی خۆ رزگار کردن لە کۆیلایەتی

عەبدوڵلاّ ئەحمەد گەرمکی
خورماتوو

وەك دەزانرێت ژیان بەدرێژای بوونی بە کۆمەڵ قۆناخدا تێپەڕیوە هەر لەسەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتی کە سەردەمی (نیۆلۆتیك)ی پێ دەڵێن. دواتر ژیان قۆناخ بە قۆناخ دەرباز بوە سەردەمێکیش هەبوە کە سەردەمی کۆیلایەتیان پێی گوتوە ئیدی بیرو ڕا زۆرە دەربارەی ئەو سەردەمە بۆنمونە وەك لەو قورئاندا هاتوە ودەڵێ ئەو دەمە مرۆڤەکان بتیان ئەپەرست کە خۆیان بەدەستکرد دروستیان کردبوو. ئیدی کۆیلایەتیش ئەو سەردەمە بو کە ئینسانەکان بەتەواوی کۆیلە کرابوون هەر چەندە کاریگەری تا رۆژگاری ئەمرۆشمان هەرماوە بۆنمونە گەر سەردانی مەزارگاکانتان کردبێ دەبینی ئەو خەڵکە لە دەرگای دەرەوەی مەزارگاکە ماچ دەکات تا دەگاتە ئاسنی لای گۆرەکە ئەمە یەکێکە لەو دیاردانە کە تارۆژگای ئەمرومان هەرماوە. ئەمە لایەنە دینێکە بو بەلاّم لایەنە کانی تری کۆیلایەتی زۆرن من بۆخۆم رام وایە تاکەکانی ئەم چڤاکە زۆربەی هەرە زۆری کۆیلەن چونکە بەراستی ئەوروکە ئەبینی خۆشەویستی بوتە کۆیلایەتی کە لاوانی ئەم سەردەمە دەیکەن یان ژنە بەشوودراوەکان کۆیلەی پیاوەکانیانن یان تۆ لە دەزگایەکی حکومەدا فەرمانبەری ئیدی تۆ ئەبیتە کۆیلەی ئەو چێگایە لەوانەیە زۆر کەس ئەم ووتەیە بە راست نەزانێ بەلاّم تۆ گەر فەرمانبەربی ئیدی ناتوانی ژیانێکی ئازادانە بژیت یان گەنجەکانمان کۆیلەی باوکەکانیانن. بەراستی ژیانی زۆربەی کۆمەڵگاکان بە کۆیلایەتی دەرباز دەکەن لە کاتێکدا خۆیان بە خۆیان نازانن گەر وردبیتەوە ئەبینی هەمووی عبودیەتە.

لە کۆمەڵگای کوردەواری خۆشماندا بەحوکمی ئەوەی کە هێشتا بیرۆکەی ئیسلامگەرای و فیۆدالی زاڵە بەسەرماندا بە شێوازێکی پتر رووبەروی ئەو دیاردەیە بووینەتەوە چونکە ئەو دوو هزرە هۆکاری سەرەکی کۆیلایەتین تا نەتوانین لەو فکرە پاشڤەرووانە خۆمان رزگار کەین تاهەتایە وادەمێنین چونکە رێگرە بۆ هەر فەڵمبازێك و بەرەوپێشبردنێك، تۆ گەر بە شێوازێکی کۆیلایەتی بژیت مردن چاکترە چونکە مردن لە پێناو راستیدا خۆشترە لە ژیانێی درۆو کویلایەتی. هەرگیز نابیتیش بێ هیوابین و توشی قۆرخبوون بین لێرەدا پێویستی بە کەسانێك هەیە کە خەبات و تێکۆشان بۆ ئەو مەبەستەکەن تاکو لەو دیاردەیە هێدی هێدی رزگار دەبین نالێمیش لە سەدا سەد رزگار دەبین بەلاّم بە هەوڵ و تێکۆشان لەوانەیە هەندێ لەو دیاردەیە قورتاربین. گەر لەیەکی دەیتەوە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایەی ئێمە من لێرەدا لەسەر کۆمەڵگاکانی تر قسە ناکەم بەلاّم ئەتوانم زیاتر هەڵسانگاندنەکانم لە چوار چێوەی کۆمەڵگای کوردەواری خۆماندا بێت چونکە گەلێکی بن دەست بوینە بەدرێژای بوونی کورد نەیتوانیوە زیاد بە ئارەزووی خۆی بیر بکاتەوە هەمیشە خەڵکانی تر بیریان کردوەتەوە بۆمان

هەر بۆیە هەمیشە بە سەر هەڵەدا ڕێگایان پێ پیشانداوین دیارە ئەمەش چارەنووسی ئێمە بوە. ئێستاش ئەو دەسەڵاتەی کە بەسەرتەوەیە ئەمەش یەکێکی ترە لە بەکۆیلەکردنی مرڤەکان چونکە ئەو دەسەڵاتە زاڵە بەسەردا نمونەی ژنێکی کۆیلە چەند لە پیاوەکەی ئەترسێ ئەمەش بە هەمانشێوەیەیە چونکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوراست بە گشتی زمانی دیالۆکمان نەبوە هەمیشە توندو تیژیمان بە کار هێناوە ئەمەش پتر ڕێگە خۆشکەر بوە بۆ ئەو مەبەستە.

چونیتی خۆ رزگارکردن لەو دیاردەیە بێ گومان ڕێگە چارەیی زۆرە بەڵام ئەمەش بۆ خۆی کاتی دەوێت هەرچەندە ئێمە ئێستا گوایە لە سەردەمی چەرخی تیژتێپەردا ژیان دەگوزەرێنین لەهەمانکاتدا زۆربەی هەرە زۆری تاکەکان جارێ هەر لەسەردەمی کۆیلایەتیدا ژیان دەکەن بەڵام بەشێوازێکە مۆدێرن. بەراستی ئێمە پێویستیمان بەشۆرشێکی نوێ هەیە بۆ ئەوەی نەجاتمان بێ لەو بیرۆکە کۆنانە راستە کێشە گەلێکی ترمان هەیە بەڵام گەر خۆمان لەم دیاردەیە رزگار نەکەین ناتوانین هیچی تر کەین. لەوانەیە خوێنەری هێژا ئەو پرسیارەیان لادروست بێ وەك لە پێشدا هێنامە زمان و بڵێن چۆن کۆیلەی دەسەڵاتین بەڵێ دووبارەشی دەکەمەوە کۆیلەی دەسەڵاتین ئێمە لێرەدا ئەبێت هەم حکومەت هەمیسان میللەت بۆ خۆی بکەونە ناو تێفکراندنێکی قوڵەوە زمانی دیالۆك بەکار بێنین نەك هەموو شتێك بەزۆرەبەگی بێت.لێرەدا گەر مرۆڤێك بیەوێ خۆی دەرباز کات لەو دیاردەیە پێویستە سەرەتا باوەری هەبێ لە سەر خۆی چونکە باوەرو باوەربوون دوو شتی هەرەگرنگن بۆ ئینسان گەر ئینسان باوەری لەسەر خۆی نەبوو ئەوە چ چۆرە مرڤێکە.

خاڵێکی تر کە ڕێگرە بۆ خۆ دەرباز کردن لەو دیاردەیە خودی تاکەکان خۆیانە بۆنمونە زۆرجار بینومانە ڕێگە چارەیت بۆ کەسێك داناوە بەڵام خۆی باوەری پێی نەبوە ولأمدانەوەی ئەو ئەوەبوە ئێمە هەر ژیانمان وابوە نابێتیش بگۆردرێن زۆرجار ئەمە خۆم لەسەر زاری ژنان کچان بیستومە ووتومە تۆش ئینسانی پێویستیت بە ئازادی هەیە بەڵام رازی نەبوە و ئەگەری ئەوەش هەیە هەر بڕواشی پێ نەبێ. ئەمەش یەکێکی تر بوو لەو بیرۆکە دۆگماتیزمانە.

ئاخاوتنەکانم بەم شێوازە کۆتای پێ دێنم بەراستی ئێمەش وەك نەتەوە پێشکەوتوکانی جیهان مرۆڤین و ئەتوانین بیر کەینەوە گەر هەڵ دەین ئەتوانین خۆشمان نەجات دەین. دەبا هەموومان پێکەوە کارێکی وابکەین ئەمە بکەینە ڕۆژەڤی خۆمان گفتگۆو دیالۆکەکانمان با ئێستا بەدوا بۆ ئەم تەوەرە بێت چونکە تۆ گەر بتەوێ کارێکی گەورەکەی بێشك دەبێت لە سەرەتاوە دەست پێ بکەی گەر ئێمەش نەتوانێن کارێکی وابکەین هەرگیز ناتوانین پێشڤەچوون بە ئەنجام بگەیەنین....